ئامادەیی شۆڕشگێڕانەو نائامادەیی هونەری
(خوێندنەوەیەك بۆ سروودی "ئەی رەقیب" ی دڵدار)

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(دڵدار)ی شاعیر لە ساڵی 1938 دەچێتە پاڵ حیزبی هیوا، بە هۆی زرنگی و لێهاتووییەوە لە ماوەیەکی کەمدا دەبێتە سکرتێری ئەو حیزبە [1].

ئەو رستەیەم بۆ ئەوە وەرگرت کە بڵێم لە لایەك سروودی (ئەی رەقیب) لەو ماوەیەدا نووسراوەو مێژووی نووسینی وەك پێویست دیار نییە، زێتر لەگەڵ ئەو شیعرانە دێن کە لە شاری کەرکوك و بەر لە ساڵی 1940 نووسراون، پێش ئەوەی کە قۆناغی سانەوییە تەواو بکات. لەلایەکی دیکەش دەمەوێت وەك بنەڕەتێك بۆ بەدواداچوون کەڵکی لێوەرگرم و لەوێشەوە ئاماژ بە واقیع و ژیانی خودی شاعیر بکەم.

کەواتە ئەگەر بۆ رستەی ناوبراو بگەڕێینەوە کەمەکێك لە پرۆسەی نووسینی نزیك بکەینەوە، دەشێ بەشێکی زۆری ئەو قەسیدەیە بە سەردەمی گەنجی، کەف و کوڵی گەنجییەوە و بەشێکی بە ناوەوەی (دڵدار) ببەستینەوە.

ئەوەی لێرە لە سروودی (ئەی رەقیب) راستەوخۆ دەیبینین و زۆر بە جوانی هەستی پێدەکەین ئەوەیە، کە بەر لەوەی (ئەی رەقیب) وەك جەستەی شیعر خۆی لەبەردەم خوێنەر بکاتەوە، وەك جەستەی میللەتێك دەردەکەوێت. لە نێوان جەستەی شیعرو جەستەی میللەت دوو جیاوازی سەرەکی هەیە، یەکەمیان پەیوەندی بە (واقیع) دایەو دووەمیان بە خەیاڵ. بەڵام نەك بەو مانایەی کە بشێ لە توێی خەیاڵدا جەستە دەرکەوێت، بەڵکو بەو مانایەی کە بەشێکی زۆری جەستەی شیعری پەیوەندی بە خەیاڵ و وێناکردنی خەیاڵەوە هەیە. یەکەمیان رەهەندی مانای لەخۆدا گرتووەو ئەویدیکە رەهەندی چێژ. رەهەندی ماناش لە سەر دوو شێوە کارکردن خۆی دەنوێنێت، یەکەمیان لە مانای بەرهەمهاتوو پێکهاتووە، واتە شاعیر لەنێو مانای بەرهەمهاتوو کار دەکات، ئەویدیکە لەسەر بەرهەمهێنانی مانا وەستاوە، بەڵام رەهەندی چێژ بە ناوکۆیی دەق و پەیوەندی ناوەوەی فەزای دەقەوە بەندە.

(دڵدار)ی شاعیر لە نووسینێکدا بە ناونیشانی (ئەدەب بە خواری تەماشا دەکرێت) دەڵێت: ئەدەب زۆر لە تیشکی رۆژ دەکات، کە تیشکی رۆژ بە تایبەتی چ رەنگێکی مەعلوم نییە، بەڵکو لەچەند رەنگێکی زانراوەوە پێکهاتووە، ئەو رەنگە زانراوانەش تا تیشکی رۆژ نەدەیتە بەر بەللور بۆمان دەرناکەوێت.

جوانی ئەو رستەیە وەك پرۆسەی نووسینی بەرهەمی ئەدەبی لە بە یەکچواندنی ئەدەب بە تیشك خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەڵام بەیەکچواندنی ئەدەب بە تیشکی خۆر لەلایەك جۆرێك لە سەرچاوەداری وێنا دەکات، لەلایەکی دیکە فرە لقی ئەدەبی دەسنیشان دەکات (لە رێگەی جیاوازی تیشك و رەنگەکانی تیشکەوە). ئەگەر بۆ تیشکی رۆژ (خودی رۆژ) سەرچاوە بێت، ئەوە بۆ ئەدەب نووسەر دەبێتە سەرچاوە، کەواتە ئەگەر بەللور بۆ رەنگی زانراوی خۆر بنەما بێت، ئەوە دەشێ بۆ نووسەر پەیوەندی بە دەقەوە بکەین.

دەشێ لەو راڤەکردنەی سەرەوە بەشێکی زۆری مەبەستی (دڵدار)مان پێکابێت، بەڵام روویەکی دیکەی ئەو رستەیە پەیوەندی بە پرشنگی خۆرو پرشنگی نووسینەوە هەیە، بەو مانایەش تیشك دەبێتە هەڵگری جوانی و فرە مانایی، یان لەوێوە جوانییە کە دروشانەوە جیاوازیگەلێگی هەڵگرتووە، بەڵام ئەو رستەیەی (دڵدار) لەوێوە دووچاری بنبەستبوون دێت کە (نامەعلوم) بە (مەعلوم) دەگەیەنێت، ئەو بەیەکگەیاندنە دواجار تەواوی راڤەکان دەکوژێت، وەك چۆن لە سنوورێکی دیاریکراو خۆی قەتیس دەکات، بەو مانایەش بیروڕای (دڵدار) دەکەوێتە دووتوێی سنوورەکانەوە و ناتوانێت تەجاوزیان بکات و تێکیانبشکێنێت.

کەواتە دەشێ لە سەر ئەو بنەمایە کارکردنی (دڵدار) لە سروودی (ئەی رەقیب) بە کارکردن لە نێو مانای بەرهەمهاتوو بچوێنین، بەو مانایەش هەڵوێستی (دڵدار) لەگەڵ زانراوەکان و ئاماژە بۆکراوەکان یەکدەگرێتەوە، ئەو یەکگرتنەوەیە وەك چۆن رەهەندەکانی مانا دووچاری بنبەستبوون دەکات، بە دیووەکەی دیکەش پرسیار لەناو دەبات، وەك چۆن هەنگاونان

بەرەو نادیار دووچاری بنبەستبوون دەکات، بە هەمان شێوەش جوانی دەسڕێتەوە. لێرەدا دەکرێت سنوورەکانی هەڵوێستی (دڵدار) بە واقیع و ئاماژە بۆکراوەکان ببەستینەوە، کاتێکیش واقیع سنوورەکانی نووسین دیاری دەکات ئیتر زمان دەبێتە وەسیلەیەك بۆ گەیاندن. (ئیمبرتۆ ئیکۆ) دەڵێت: ئەوەی لە قەسیدە بەگرنگ دەکەوێتەوە هەڵوێستی شاعیرو خوێنەر نییە بەرامبەر واقیع، بەڵکو هەڵوێستی شاعیرە بەرامبەر بە زمان، ئەو زمانەی کە خوێنەر هوشیار دەکاتەوەو لەوێشەوە خوێنەر وەك هۆیەك بۆ گەیاندن بەکاری دەهێنێت و دەتوانێت لە نوێوە سەیری بونیادی زمانەکەو بونیادی دنیای پێ بکات[//]. بەو مانایەش شیعر لەگەڵ ئاماژە بۆکراوەکان یەك ناگرێتەوە، بەڵکو بەردەوام بەرەو پرسیار راماندەکێشێت، کە لەگەڵ پرسیارێکی دیکە دایە.

دەتوانین بڵێین (ئەی رەقیب) وەك (پەیکەر/داڕشتن) و وەك (مانا/بابەت) لەیەکدەچن، بە مانایەکی دیکە بە قەد ئەوەی زمانی جەستەی (ئەی رەقیب) لە بەرژەوەندی ئاماژە بۆ کردنی جەستەی میللەت دایە، ئەوەندە لە بەرژەوەندی شیعرییەت وزەکانی زمان بە کار ناخات. بۆ ئەو بۆچوونەشمان پشت بە دوو لایەنی (مانا)و (پەیکەر) دەبەستین، ئەو پشتبەستنەش لەوێوە دێت کە سروودی (ئەی رەقیب) وەك پەیکەر–شێوەی داڕشتن هەڵگری جەستەیەکی سەخت و توونڈو تۆڵەو تا ئەندازەیەکی زۆر خاوەنی شورەیەکی داخراوە، لە بەرامبەر ئەوەش وەك مانا–بابەت هەڵگری چاونەترسی و ئازایی و سەرفرازیی میللەتی کوردە.

لە سەر ئەو بنەمایە ئەگەر جەستەی (ئەی رەقیب) وەك (پەیکەر)جەستەیەکی داخراو بێت، یان شێوەیەکی داخراو بنوێنێت ئەوە وەك ماناش (دڵدار) لەبری ئەوەی مانا بەرهەم بهێنێت لە سەر مانای بەرهەمهاتوو وەستاوە، یان لەبری ئەوەی وزەی زمان لە پێناو شیعرییەت کار پێبکات، لە ئاماژە بۆ کردنی واقیع کورتی دەکاتەوە، دەشێ بڵێین دواجار هەر ئەو رووەی ماناشە لە بونیادی پەیکەری دەق رەنگدەداتەوەو وێنەی پەیکەری دەق بەو شێوەیەی کە هەیە دەکێشێت. لێرەوە ئەگەر بمانەوێت بۆ مانای بەرهەمهاتوو پەیوەندی بە دەقەوە بکەین دەشێ دەستەواژەی (ئەی رەقیب) لە دەسپێکدا بێتە سەرەتایەکی بەڵگە نەویست وەك چۆن دەستەواژە پەڕگیر و تۆتالیتێرەکانی دیکەی وەك (زیندووە–زیندووە) (قەت نامرێ) (جانفیدایە جانفیدایە)... هەموو ئەو دەستەواژانە بە دیوێك دەتوانین بە (ئەمرکردن)ەوە پەیوەستیان بکەین، هەڵبەتە ئەمرکردن ئەگەر لەلایەك بیرکردنەوەیەکی باوکانە و تۆتۆلۆژیانە بێت و لەوێوە تەواوی رەهەندەکانی مانا لە نێو بەرێت ئەوە لە لایەکی دیکە بیرکردنەوەیەکی پەڕگیرانەشەو کوشتنی جیاوازییەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە. بۆیە بەشێکی زۆری جوانی دەق و جوانی ژیان سەردەبڕێت، وەك چۆن دەشێ خودی ئەو توونڈو تیژییە لە ناوەوەی دەق و پەیکەری دەق بە شێوەی داڕشتن و وێنەکردنەوە پەیوەست بکەین، بە دیووەکەی دیکەش دەکرێت لە دەرەوەی دەق بە قۆناغی منداڵی شاعیرەوە بیبەستینەوە، شاعیر لە یادەوەریەکانیدا دەنووسێت: دایکم نەیهێشت بچمە کۆڵان و لەگەڵ منداڵان یاری بکەم، بۆ ئەوەی کە لە ماڵەوە عاجز نەبم دایکم ئافرەتێکی بە خێو دەکرد دوو کوڕی پارچەڵەی هەبوو یەکیان ناوی (خدر) بوو ئەویتریان ناوی (عەزیز) بوو، ئەو دوو کوڕە لە حەوشەدا یارییان لەگەڵدا دەکردم ئەغڵب یاریمان عیبارەت بوو لە تەمسیلی ئاغاو نۆکەر، منیان دەکردە (ئاغا)و خۆشیان دەبوون بە (نۆکەر) ئیتر ئەمرم دەکرد[///]. هەڵبەتە ئەو فیکرەیە بۆ تەمەنی دوای چوارساڵی دەگەڕێتەوە.

کەواتە ئەگەرچی ماناکان هەڵگری دەلالەتن بەلآم دەتوانین دەلالەتەکان لە نێو واقیع بدۆزینەوە، هەر لەوێشەوە وەسف و رووە جیاوازەکانی مانا دووچاری داخران دەبێت، داخرانی رووەکانی ماناش راستەوخۆ بۆ شێوازی بابەت دەگەڕێتەوە، شێواز وەك (بۆفۆن) دەڵێت خودی مرۆڤ خۆیەتی. بەو مانایەی کە هەموو داهێنەرێك شێوازی تایبەت بەخۆی دادەهێنێت، شێواز پرۆسەگەلێکی عەقڵی و فیکری و رۆشنبیرییە بە تواناو ناسین و رێگەی دەست بۆبردنی زمانەوە بەندە[“/].

بە مانایەکی دیکە لە کاتێکدا کە مانا هەوڵی بەرجەستەکردن و جوانکردنی یەك رووی بابەت دەدات، لەو کاتەدا بابەتخوازی دەبێتە تاکە رەهەندی دیارو بەرچاوی دەق، لەو حاڵەتەشدا مانا هەموو رووەکانی دیکەی خۆی لەنێو دەبات، سەرەڕای ئەوەش (دڵدار) نەیتوانیووە بە شێوەیەکی (نەرم) مامەڵە لەگەڵ مانادا بکات و مانا بدوێنێت، بڕوانە ئەو توونڈو تیژییەی کە دەق بەرامبەر ئەویدیکە دەینوێنێت. ئەوەش لەلایەك جۆرێك لە ئیشکالییەتی هونەری و پشتگوێخستنی وزەی زمان و خەیاڵ و جوانی زمانە، لە لایەکی دیکە کارکردن لە نێو مانای بەرهەمهاتوو، هەرگیز کارکردن نییە لە نێو پرس و گومان و دڵەڕاوکێی

مەعریفی، بەڵکو کارکردنە لە نێو دنیابینی بەرهەمهاتوو، کەواتە (ئەی رەقیب) لە جولە و جوانکاری ناوکۆییەوە لە دایك نەبووە، لە گەڕان وپرس و گومان هەڵنەقولاوە، بەڵکو لە پرۆسیسەکردنی جۆرێك لە ئەخلاق دێت، کە هەستی نەتەوایەتی دەیخاتە پێش (ئەی رەقیب) وەك جەستەیەکی ئامادەکراو هەستی نەتەوایەتی دروستی کردووە.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بەر لەوەی (دڵدار) بە کردەی شیعری هەڵبسێت بیری لە جەستەی میللەت کردۆتەوە، بەر لەوەی ئالآی شیعرییەت بەرز بکاتەوە، ئالآی ناسیونالییەت هەڵدەکات، کەواتە لای (دڵدار) شیعر پەیوەندی نێوان شاعیر و نەتەوەیە، نەك پەیوەندی ناپەیوەستیانەی نێوان وشەو شتەکان، مرۆڤ و دنیا، کە وشەی ناپەیوەست بەکار دەبەین بەو مانایە دێت کە پەیوەندییەکان نە شیعر دەیسەپێنێت نە شاعیر بەڵکو راستەخۆ بە ساتەوەختی پرۆسەی نووسینی شیعرەوە بەندە، دەکەوێتە دووتوێی پرۆسیسەکردنێکی هونەری و خەیاڵی ئیستێتیکییەوە.

بە مانایەکی دیکەش دەشێ لە بری وشەی (سەپاندن) وشەی نزیکایەتی بەکار بهێنین، ئەگەر وشەی نزیکایەتی بەکار بەرین ئەوە لە بری بەکار هێنانی پەیوەندی ناپەیوەستانە، دەتوانین بە نزیکایەتیکردنی نهێنی وشەکان و شتەکان، نهێنی مرۆڤ و دنیا تەعبیر لە رستەی پێشوو بکەین.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە پەیوەندی ناپەیوەستانە یان نزیکایەتیکردنی نێوان وشەکان و شتەکان، مرۆڤ و دنیا، پەیوەندیەکی گوماناوی و نادیارە، بە جیاوازی خوێندنەوەکانەوە بەندە، جیاوازی خوێندنەوەکانیش بە دنیابینی و ئاگایی خوێنەرەکانەوە دەلکێت. بەو مانایەش کوشتنی وەسف و رووە جیاوازەکان لەلایەك داخرانی رەهەندەکانی بیرکردنەوەو دڵەڕاوکێی مەعریفی لەخۆدا هەڵگرتووە، لە لایەکی دیکە کوشتنی جوانی و شیعرییەتی لێدەبێتەوە، لەنێوانی کوشتنی جوانی داخرانی رووە جیاوازەکان، سروودی (ئەی رەقیب) لە لایەك دەبێتە هەڵگری ویژدانی میللەت، لە لایەکی دیکە دەبێتە هەڵگری جەستەی داخراوی دەق.

ئەگەر هەڵگری ویژدانی میللەت بە بیرکردنەوەی ناسیونالیانە پەیوەست بکەین، ئەوە هەڵگری جەستەی دەق بە داخران و داخرانی پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەقەوە بەندە. مەبەستمە بڵێم (دڵدار) لە بری ئەوەی هەڵوێستی خۆی لە بەرامبەر زمان دیاری بکات، راستەوخۆ لە واقیع راستدەبێتەوە، لە بری ئەوەی بەرەو هونەر بچێت لە ئاکاردا کورتی دەکاتەوە، کاتێك ویژدان بەرەو واقیع دەچێت چێژی شیعری بوونی نامێنێت، کاتێکیش بەرەو ئاکار دەچێت هەستی دەروونی رقمان نیشان دەدات، کەواتە ویژدانی کوردانەی (دڵدار) یان هەستی ئاکارخوازانەی (دڵدار) لە رووە دیارەکەی سروودی (ئەی رەقیب) توندو تیژی، یان رقێکە بەرامبەر رەقیب، ئەو رقەش لە حەزو ئارەزووە ناسیونالیستەکەیەوە هەڵدەقولێت.

لێرەوە خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەو دەقە دەکەوێتە نێوان ئامادەیی شۆڕشگێڕانەو نائامادەیی هونەرییەوە، ئەگەر ئامادەیی شۆڕشگێرانە راستەوخۆ لەدەرکەوتنی دەسەلآتی بابەتەوە بێت، ئەوە نائامادەیی هونەریی لە دەرنەکەوتنی دەسەلآتی ئیستێتیکییەوە خۆی دەبینێتەوە، یان بە مانایەکی دیکە ئەگەر دەرکەوتنی بابەت خۆی بە عەقڵەوە پەیوەست بکات، حاڵەتێکی دیار بخاتەوە ، ئەوە دەرنەکەوتنی هونەری لە لایەك بە داخرانی ئاسۆکانی جەستەی شیعرەوە بەندەو لە لایەکی دیکەش نەیتوانیوە حاڵەتە نادیارەکە بکێشێت.

ئەوەی ئامادەیی دەرکەوتنی بابەت بەرجەستە دەکات مانایە، ئەوەی کە جیاوازی نێوان ماناکانیش رەشدەکاتەوە لێکچوونە، ئەو لێکچوونەی کە دەکەوێتە نێوان جەستەی دەق و جەستەی میللەت، یان ئەو لێکچوونەی کە دەکەوێتە نێوان تۆکمەیی پەیکەری داخراوی دەق و تۆکمەیی تاك ماناییەوە.

کەواتە ئەگەر بمانەوێت لەو سروودەدا بەدوای دەرکەوتنی مانا–بابەتدا بڕۆین بەشێکی زۆری شیعرییەت لەدەست دەدەین، چونکە شیعر هەر تەنها تەعبیرکردن نییە، یان راڤەکردنی واقیعێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو نهێنی شیعر لە مەجازەدایە، زمانی مەجازیش زمانی سیحرەو هەتا هەتایە وێنەکانی نوێیەو زۆرترین مانا بەکەمترین واژە دەگەیەنێت، لە مەجازدا (دیار) قسە ناکات، بەڵکو (نادیارە) دێتە گۆ، یان بە مانایەکی دیکە زمانی مەجازی ئەوەیە کە گومان دەخاتەوە، شیعریش لەوێوە سیحرە کە مەجاز لە رێگەی وێنەو رەمزەوە دنیا راڤە دەکاتەوە هەر لەوێشەوە دەچێتە فەزای خەیاڵ و ئازادییەوە، خەیاڵیش بە چاوی خەیاڵەوە درك دەکرێت، نەك هەست، ئازادی شیعریش لەوێوە دێت کە سەرسامبوون دەست پێدەکات، ئازادی شیعری بە روانینی ئازادانەوە بەندە، نەك حوکمی عەقڵ..بەڵام ئەگەر بە دوای هەستی ناسیونالیانە بکەوین بە ئامانجێکەوە

پەیوەست دەبین کە بەرەو سیاسەت و شتی دیکەمان دەبات، بەمجۆرەش وەک ئەدۆنیس دەڵێت: بە هۆی وەزیفەکەی لە مردن نزیک دەبێتەوە چونکە بە پێی چالاکی وەزیفەکەی مامەلە دەکات.[V]

سەرچاوەو پەراوێز:

[I] –بڕوانە دڵدار شاعیری شۆڕشگێری کورد عەبدولخالق علائەدین/بەغداد–چ1/1985/ل88.

[II] – البنية اللغة الشعرية، ترجمة: محمد ولي و محمد العمري-المغرب، 1986 -ل 65

[III] –بڕوانە دڵدار– هـ.س.پ. ل.17.

[IV] – بڕوانە پێگەی گوگوڵ–حاتم شرتح- الانزياح و الشعرية في النظرية النقدية و الاسلوبية الحديثة.

[V] - بڕوانە: النص القراني و افاق الكتابة-ادونيس، دار الاداب-بيروت/1993 ل114).

ئەم لاپەڕەیە هەر دوو هەفتە جارێک لە لایەن نووسەری ئەم بابەتەوە دەنووسرێت